# ئاوازدانەری (ئەی رەقیب) پێشمەرگەیەکی ونە

سەلام نەورۆز

هەموومان هۆنراوەی (ئەی رەقیب)مان خوێندۆتەوەو بەجوانبێژیی و رەوانخوانیەوە ئەزبەرمانکردووە، زۆربەشمان وەك سروودێکی نەتەوەیی هەمیشە لەسەر وێردی زمانمانەو لە بۆنەو ئاهەنگ و یادە نەتەوەییەکاندا وێکڕادەیڵێینەوە. هۆنراوەی (ئەی رەقیب) هەڵقوڵاوی کانیاوی ناخی پاك و بێگەردی مامۆستا (دڵدار)ە.. ئەم هەڵبەستڤانە ناسراوە لەگەڵ ئەوەیدا هەستێکی ناسکی هەبووە لەبەرانبەر جوانیەکانی سروشتدا، لەهەمان کاتدا هەڵوێستێکی جوامێرانەی نیشانداوە لەپێناو گەلو نیشتمانەکەی. ئەم هۆنراوەیە لەترۆپکی شعرو ئەدەبیاتی کوردیدا دەدرەوشێتەوە لەرووی هەستی شۆڕشگێڕیی و نەتەوەییەوە. مێژووی جاویدانی بوونی ئەم هەڵبەستە بۆ بەرەبەیانی رۆژی 22/1/ سالی 1946 دەچێتەوە، ئەو دەمەی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری پڕشنگداری کۆماری کوردستان لە (مەهاباد) بەرێبەرایەتی پێشەوای نەمر (قازی محەممەد) موژدەی دامەزراندنی کۆمار راگەیاندراو ئالاّی کوردستان بەرز شەکایەوە. سروودی (ئەی رەقیب) پڕ بەگەرووی هاواری سەرکردەو پێشمەرگە، پیرو لاو، زارۆك و ژن، مامۆستاو خوێندەڤان، پاڵەو رەنجدەر وەك دەنگی هەستانەوەو ئازادی سەرانسەری کۆماری هێنایە هەژان، لەو رۆژە مێژووییەوە تائەمڕۆ ئەم سرووده بەرزە لەنێو گۆڕەپانی قوتابخانەو لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرەو ڕێو رەسم و ساڵیادو جەژنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا وەك زایەڵەی سەرفرازیی دەوترێتەوەو دەزرنگێتەوە. ئەمەیان دەربارەی هۆنراوەی (ئەی رەقیب)و مامۆستا (دڵدار)ی پێشەنگ.

بەلاّم دەربارەی ئاوازی ئەم سرووده



مایەی نیگەرانییە تائێستە تۆزو گەردی بیرچوونەوەو لەیادکرن نیشتۆتە سەر لاپەڕەی ناوو ژیاننامەی دانەری راستەقینەی ئاوازەکە، لەهەر کۆڕو سمینارو کەرنەڤاڵو هەڤپەیڤینو لەهەر جێگەیەکدا کە باس لەئاوازی ئەم سرووده دەکرێ هەموو لایەك لێوی بێدەنگیی دەکرۆژنو قروقەپی لێدەکەن، زۆرجاریش ئاوازی سروودەکە بەئاوازی کۆن ناو دەبەن. وەك ئەوەی کەسێ نەبووبێ ئەو ئاوازە گیانهەژێنەی بۆ ئەم هەڵبەستە دانابێ،

بەلاّم کاتێك ئاوڕێکی ویژدان ئامێزو دڵسۆزانە لەسەردەمی بەسەرهاتو ژیانی مامۆستا (دڵدار) دەدەینەوە کە لەنێوان ساڵی (1918–1948) لەدایکبووەو کۆچی هەتایی کردووە، ئەو کاتەش لاپەڕەی ژیانو بەسەرهاتی ئەو مامۆستا بەهرەوەرەو خەباتکارە کوردەمان بەرچاو دەکەوێ کە هەڵبەستی (ئەی رەقیب)ی لەئامێزی ئاوازێکی بەرزدا گەیاندۆتە چلەپۆپەی داهێنان ئەم پێشمەرگە ونەی ساڵانێکە لەنێو سروودی (ئەی رەقیب)دا خەوتووە ناوی (شێخ حسین) کوڕی شێخ عەبدولکەریم بەرزنجییە لەساڵی (1921) لەشارۆچکەی (قادر کەرەم) چاوە جوانەکانی بۆ ژیان هەڵهێناوەو لەساڵی (1963) لەتەمەنی جوانیدا ماڵئاوایی یەکجارەکی لە گەل و نیشتمان کردووە.